# خوێندنەوەیەك بۆ یەكی ئایارەكانی ئەمساڵ
# هۆڵەندەو كوردستان بۆ نموونە

عەلی مەحمود محەمەد

**2005-5-20**

ساڵانە ئێمە گوێ بیستی هەواڵی ئەو بەرەو ڕووبونەوانە دەبین لە جیهاندا دەگوزەرێن لە ڕۆژی یەكی ئایاردا , دەزگاكانی هەواڵنێری جیهانی ئەو ڕۆژە هەواڵەكانییان مسۆگەرە و شوێنەكانیش دیارن , ئەزییەتێكی وا ناكێشن بەدوای پەیدا كردنی هەواڵدا , ئەو ڕۆژە شەقامەكانی جیهان , لە تۆكیۆوە بۆ نواكشۆت بوونە بە سەنگەر , سەر شەقامە ڕاقییەكان و كوچەو كۆڵانە هەژارنشینەكانی قەراغ شارەكان دەبنە باریكارد , لە ڕۆژی 1 ئایاردا جیهان وێنەی جەنگێكی چینایەتی سەرانسەری بەخۆوە دەگرێت . لە ساڵی 1886 وەوە جیهان ئەم نەرێتەی بەخۆوە گرتووە . ئەگەر لە ژاپۆن و كۆریاو هیندستان كرێكاران بە ملیۆن برژێنە سەر شەقامەكان ئەوا لە وولاتانی دیكەش سەدان و هەزاران هاتونەتە سەر جادەو داخوازە چینایەتییەكانییان ڕادەگەیەنن . داخوازەكانیش لە هەموو وولاتاندا بە گوێرەی هەلومەرجی خەبات جیایە , لە ئەندەنوسیا ئەگەر كرێكاران داوای بە فەرمی كردنی ڕۆژی 1 ئایار بكەن , ئەوا لە مۆریتانییا داوای زیادكردنی موچە بە ئەندازەی 500٪ دەكەن .

ئەوەی لە كوردستاندا سەرنجم داوە , لە دوای ڕاپەڕینەوە یەكی ئایار بەلاڕێدا براوە , لەجیاتی ئەوەی ئەم ڕۆژە بكردرێتە ڕۆژی هێنانە مەیدانی هێزی چینایەتی كرێكاران و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر چەوساندنەوەو نا دادییەك كە لە كۆمەڵ دەگوزەرێت , لە بەرامبەردا ئەم ڕۆژە كراوەتە ڕۆژی ئاهەنگ گێڕان و گۆرانی گووتن , بەمەش هەموو سیمایەكی ناڕەزایەتی لەم ڕۆژە چینایەتییە سەنراوەتەوە , لایەنە چەپ و سانديكا زەردەكان ڕۆڵییان لەم گۆڕانكارییەدا بینییوە , هەندێكییان لەبەر ئەوەی بونەتە بەشێك لە دەزگای دەسەڵاتدار وەك حشك و زەحمەتكێشان و پارتی كار نەیانتوانییوەداوا لە كرێكار بكەن بێنە سەرجادەو ناڕەزایەتی دەربڕن , بۆیە 1 ئایارییان گواستۆتەوە بۆ هۆڵە داخراوەكان , لە بری خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی مشتێك دروشمی دیماگۆگی و چەند گۆرانییەكییان پێشكەش بە یادەكە كردووە , لە بری ئەوەی ئێش و ئازارەكانییان دەرخەن و داخوازەكانییان بەرز كەنەوە , مەراسیمەكەیان كردووە بە ئەڤییوون و ڕۆژەكەیان لەبار بردووە .

ئەوانی دیكە چەپە پەرەگیرەكانن , ئەمانیش ئەوەندەی لە 1 ئایاردا هەوڵییان داوە خۆیان مەترەح بكەن , ئەوەندە ئاگایان لە فەلسەفەی بوونی ئەو ڕۆژە نەبووە , ئەوەندەی بانگەشەیان بۆ نوری گەرمییانی كردووە نیو ئەوەندە نەیان وێراوە لەم یادەدا وەك سەرجەم جیهان خۆپیشاندان ساز كەن و بێنە سەر جادە , چونكە زانییوییانە ئەگەر لە گلكەند 10000 بۆ ئاهەنگەكانییان كۆ بێتەوە , لە شێخەڵا 10 كەس ناكەوێتە دوای خۆپیشاندانەكانییان , بۆ سەلماندنی بوونی خۆ 10000ەكە پێویستترە , ئەگەر ئەو ژمارەیە جەماوەری نوری گەرمیانیش بێت .

سانديكا زەردەكانیش بەشێكن لە دامودەزگای پارتە دەسەڵاتدارەكانی كوردستان , ئامانجییان ئەوەیە چینی كرێكار لە كوردستان سانديكای سەربەخۆی خۆی پێك نەهێنێت , هەموو كارەكانیشییان بۆ ئەو جۆگەلەیە دەگەڕێتەوە . بۆیە بێ دودڵی دەتوانم بڵێم لە دوای ڕاپەڕینەوە, لە كوردستانی باشوردا , ئەوەی بەناوی 1 ئایار كراوە تەنها بۆ شێواندنی ناوەڕۆكی ئەو ڕۆژە بووە .

1 ئایار ڕۆژی هاوپشتی و یەكێتی و ناڕەزایەتی چینی كرێكارە , نەك جەژن و ئاهەنگ گێڕان و گۆرانی گوتن . لەم دنییای نا دادپەروەرییەدا , كرێكاران جەژنییان بۆ چییە ئەگەر بۆ ساردكردنەوەیان نەبێت لە خەبات , ئەگەر ئەڤیونێك نەبێت بۆ سڕ

کردنییان , جەژن لە خۆشیدا و لەپاش سەرکەوتنەکان بوونی دەبێت , بەڵام لە سەردەمی کۆیلەبوون و نا یەکسانی و چەوساندنەوەدا , بوونی جەژن لە گاڵتە جاڕی بەولاوە شتێکی کە نییە .

کاتێك ئەمساڵ یادی 1 ئایاری شارەکانی سنەو ئامادم بینی , بۆم دەرکەوت کرێکارانی کوردیش درکییان بە ماهییەتی ئەو ڕۆژە کردووە , ڕژانە سەر شەقامەکان و بەرز کردنەوەی داخوازە کرێکاریەکان ئایاری لە کوردستاندا گەڕاندەوە ڕاستە ڕێی خۆی , ئەمەش مژدە بەخشە بۆ ساڵانی داهاتوو , 1 ئایار لە ڕۆژی بەنج کردنی چینی کرێکارەوە بکرێتەوە بە ڕۆژی ناڕەزایەتی چینی کرێکار دژ بە سستەمی سەرمایەداری لە کوردساندا . ئایار بەرگی ڕاستەقینەی خۆی پۆشییەوە.

## ئەزموونی هۆڵەندە

لەو ئەزمونەی 7ساڵە لە هۆڵەندە هەمە کە 6 ساڵی بەشداری یەکی ئایارم کردووە , کۆمەڵێك سەرنجم بۆ دروست بووە .

- بەشی زۆری بەشداربووان خەڵکانی ناهۆڵندیین (بە پلەی یەکەم تورك) .
- ساڵانە هێزی بەشدار بوو کەم دەبنەوەو دەچنە ئاو , لە بەرامبەردا بێکاری زیاد دەکات و ئاستی ژییانی کەم دەرامەتانی کۆمەڵ لە دابەزینە .
- لایەنە چەپە هۆڵەندییەکان نەك بە ئاستی ژمارەی دەنگەکانی هەڵبژاردن , بەڵکە بە ژمارەی ڕێکخراوو حیزبەکانیشییان ئامادە نابن , خەڵکی بیانی زۆرجار لافیتەکانییان بۆ هەڵەگرن .
- کۆمەڵە کەسێکی دیاریکراو ساڵ بە ساڵ ئامادە دەبن , دەم و چاوەکان دوبارە دەبنەوە , هێزی نوێ لە لاوان و کرێکاران پەیوەست نابن پێوەی , نیشانەی مەرگی هەموو بزووتنەوەیەك ئەوەیە خوێنی نوێ پەیوەست نەبێت پێوەی .
- هەندێك لایەنی مارکسستی پەرگیر پاوانی مەراسیمەکە دەکەن , نەیانتوانیووە بیکەنە ڕۆژی کرێکاران , لە هۆڵەندە زۆرجار خۆپیشاندانی سەدان هەزاری ئەنجامە درێت دژ بە بێکاری و داخوازە جەماوەرییەکان ,بەڵام ئەو هێزانە بەشداری 1 ئایار ناکەن , ئەم دابڕانە لە نێوان 1 ئایار و داواکارییە کرێکارییەکان سروشتی نییە , ڕۆژی 1 ئایار ڕۆژی ناڕەزایەتی و یەکێتی هەموو کرێکارانە بەهەموو تەوژم بۆچونە سیاسییەکانەوە , نەك ڕۆژی یەکێتی مارکسیستەکان .
- هەندێك هێزی پۆپۆلیست وەك پەکەکە و پڵنگەکانی تامیل لە لایەنە مارکسیستەکان چالاکترن , ئەمەش دەربڕی ئەوەیە لە ئایندەدا دەشێت بزووتنەوە پۆپۆلستی و جەماوەرییەکان ببنە لایەنی کاریگەری گۆڕانکاری .
- عێراقییەکان و کوردەکان زۆر بە لاوازی بەشداری دەکەن , لە چەند گروپی چەند کەسی تێپەڕ ناکەن , ئەوانیش ئەوەندەی خەریکی وێنە گرتنن بۆ بڵاوکردنەوەکانییان , ئەوەندە ئاگاداری دروشمی یادەکە نین . ئەمساڵ حکك بە باڵی ئێرانی و عێراقییانەوە چەند کەسێکییان بەشدار بوون , ساڵانەش گروپێکی بەو ئەندازەیەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستان بەشدار دەبن و لە دەستەی ئامادەکاریشدان هەموو ساڵ . کەچی(حیزبی شیوعی کوردستان) حشك و لایەنە چەپەکانی دیکە بەو ئەندازەیەش بەشداری ناکەن , لە وولاتانی دیکەش هەروایە , ئەو لایەنانە ئەگەر ساڵانە نەتوانن بەشداری 1 ئایار بکەن ئیتر ڕێکخستن و پارتایەتی لەو وڵاتانە بۆچی دەکەن؟؟؟؟ .

هیوادارم ئایاری ساڵی داهاتوو هەموو کوردستان ببێت بە سنەو , سنەش لە حیجاب و سەرکوت ڕزگاری بوبێت.




## یەکی ئایاری سنە

# هێزو لایەنە چەپەکانی هۆڵەندە

| PARTY | | | PERIODICALS | CONTACT | IDEOL. | INTERNAT. | ELECTION Parl. '03 | OTHER |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Democrats66 | Democraten66 | D66 | | e-mail | left. lib. | Liberal International | 4.07% | f. 1966 |
| Free League | Vrije Bond | | Buiten de Orde | e-mail | anar. syn. | | no part. | f. 1990 |
| Green Left | GroenLinks | | GroenLinks Magazine, De Helling | e-mail | green left. | EFGP, NELF, Ex-CI (CPN) | 5.14% | f. 1989 by four parties |
| Group of Marxist-Leninists/Red Morning | Groep van Marxisten-Leninisten/Rode Morgen | GML/Rode Morgen | Rode Morgen | e-mail | mao. | ICMLPO[M] | no part. | f. 1976 |
| Humanist Party | Humanistische Partij | | | e-mail | | IH | no part. | f. 1984 |
| Independent League of Trade Organizations | Onafhankelijk Verbond van Bedrijfsorganisaties | OVB | Nieuwe Strijd | fax: +31-10-4771865 | anar. syn. | | no part. | f. 1948 |
| International Communist Current | Internationale Kommunitische Stroming | | Wereld Revolutie | | left. com | ICC | no part. | |
| International Socialists | Internationale Socialisten | | De Socialist | e-mail | tro. | IS | no part. | f. 1980s |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Labour Party | Partij van de Arbeid | PvdA | Nieuwsbrief | e-mail | soc. dem. | SI, PES | 27.26% | f. 1894 as Social Democratic Workers' Party |
| League for the Fourth International | | LFI | | | tro. | LFI | | f. 2002 |
| New Communist Party of the Netherlands | Nieuwe Communistische Partij van Nederland | NCPN | Manifest | e-mail | stal. | ICS | 0.050% | f. 1992 by group that split from Communist Party of the Netherlands (CPN) |
| New Workers Party, marxists-leninists Setup Organization | Nieuwe Arbeiderspartij - marxisten leninisten Opbouworganisatie | NAP-ml Opbouworganisatie | Rode Tribune | e-mail | stal. | CIML | no part. | |
| Pacifist Socialist Party '92 | Pacifistisch Socialistische Partij '92 | PSP'92 | Socialistisch Initiatief | e-mail | left. soc. | | no part. | f. 1992 as split from PSP |
| Socialist Alternative Politics | Socialistische Alternatieve Politiek | SAP | Grenzeloos | e-mail | tro. | USFI | no part. | f. 1974 as International Communist league (IKB) |
| Socialist Party | Socialistische Partij | SP | Tribune | e-mail | left. soc., ex-mao. | NELF | 6.32% | f. 1971 as Communist Party of the Netherlands/Marxist-Leninist |
| Offensive | Offensief | | Offensief | e-mail | tro. | CWI | no part. | f. 1977 |
| The Greens | De Groenen | | | e-mail | green | EFGP | no part. | f. 1983 |
| United Communist Party | Verenigde Communistische Parti | VCP | | e-mail | com. | | no part. | f. 1999 as split from NCPN |
| Women's Party for Feminist Politics | Vrouwenpartij voor Feministische Politiek | | | e-mail | feminist | | no part. | f. 1989 |

*Parties probably disbanded*
Country-wide Anarchist Co-opration Association (Landelijk Anarchisties Samenwerkingsverband, LAS), Marxist-Leninist Party of the Netherlands (establishing) (Marxistisch-Leninistische Partij Nederland (in oprichting), MLPN)